دادوەرێکی کورد وەک ئەندامی یەدەگی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق سوێندی دەستبەکاربوونی خوارد

بەپێی راگەیەندراوێکی دادگای فیدراڵی عێراق، دادوەر جاسم جەزا جافر وەک ئەندامی یەدەگی دادگای باڵای فیدراڵی سوێندی دەستبەکاربوونی خوارد.

دادوەر جاسم جەزا جافر، تاوێکو سەرەتای ساڵی 2024، سەرۆکی دادگای تەهەچوونەوەی سلێمانی بوو، دواتر وەک ئەندامی دادگای پەداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوو.

شایەنی باسە، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ دادگای فیدراڵی عێراق نووسراوێکی ئاڕاستەی ئەنجووماڵی باڵای دادوەریی هەرێمی کوردستان کردبوو، داوای لێکردبوون دادوەرێک بەربژێر بکەن وەک دادوەری بنەڕەتی و دادوەرێکی دیکەش وەک دادوەری یەدەگ بەربژێر بکەن بە دادگای فیدراڵیی عێراق، تا ئێستا هەوڵەر هیچ دادوەرێکی کاندید نەکردووە، بەڵام سلێمانی دادوەر جاسم جەزای کاندیدکرد.

دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە نە ئەندامی سەرەکی و چوار ئەندامی یەدەگ پێکدێن و بەیارەکانیان بەهیچ شێوەیەک تانیان لێناگیرێت.